## ڤاسیلی نیکی تین

نەمر مامۆستا تەها فەیزی زادە نامیلکەیەکی فارسی بەناوی "کرد و کردستان در آثار واسیلی نیکی تین" بڵاو کردۆتەوە و تێیدا ژیان و بەرهەمەکانی نیکی تینی بەتایبەت سەبارەت بە کورد و کوردستان ناساندوە.
من بە بێ ئەوەی کاری مامۆستا هەڵسەنگێنم لێرەدا ئاماژەیەک بەو بەشانەی کاری نیکی تین دەکەم کە بۆکان دەگرنەوە.

لاپەڕە 15 : مامۆستا دەنووسێت : نیکی تین وەک قۆنسولی رووسیا لە ورمێ (ساڵانی 1915 تا 1918) لە سابڵاغ و شەمزینان و بانە و بۆکان و ئورامار و هەکاری و ... ناسیاوی راستەقینەی رووداوەکان بووە. واتە نیکی تینیش وەک مینۆرسکی دەبێ لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا سەردانی بۆکانی کردبێت.

لاپەڕە 48 : مامۆستا فەیزی زادە دەنووسێت : نیکی تین لە باسی سەردار عەزیزخان دا باسی مەئمووتییەتی "عەزیزمان" لە شیراز دەکات بەڵام ئەوە دەبێ ئیسفەهان بێت. واتە نیکی تین سەردار عەزیزخانی بە "عەزیزی خۆی" یا "عەزیزی خۆیان" ناو بردوە، ئەگەر پیتی /م/ ە کە /خ/ نەبووبێت و بە هەڵە بە /م/ نەنووسرابێت، واتە عەزیزخان نەبووبێت. دیارە سەردار عەزیزخان سەرداری سەردەمی ناسرەدین شا بووە، نەک محەمەد شا و ئەوە هەڵەیە. هەروەها مەئمووریەتی شیراز راستە و هەڵە نییە.

لاپەڕە 63 : مامۆستا 2 لاپەڕەی کتێبەکەی تایبەت بە "تک نگاری شاری سابڵاغ" کردوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە باسی نیکی تینەوە نییە (63 و 64).

لە باسی باغەکانی مەهابادیشدا ئاماژە بە باغی سەیفەددین خان دەکات، کە دیارە دەبێ لە پەیوەندی سەیفەددین خانی سەردار دا بێت و ئەوە مێژووی بۆکان دەگرێتەوە. شوێنایەتی باغەکە پێویستە دیاری بکرێت.

لاپەڕە 69 : باسی شێخ بابا سەعید و شەهید بوونیەتی لە کەرێزەی گڵی، کە بۆ لێکۆڵینەوە لە ژیان و سەردەمی شێخ بابا جێگەی کەڵک لێ وەرگرتنە.

طه فیض زاده، "کرد و کردستان در آثار واسیلی نیکی تین – شرح احوال، افکار و نقد آثار واسیلی نیکی تین" ، ناشر: مؤلف، 1367[1988] ، تبریز (؟)، 101 صفحه، فارسی .